

سێ بنچینەکە

وشەش بنچینەکە
وچوار بنەماکە

شێخ
موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب





و

شەش بنچینەکە

و

چوار بنەماکە

شێخ
موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب





چاپی یەکەم
ذو الحجة 1438 ك

پێشەکی

الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله، وعلى آله وصحبه ومن والاه، أما بعد:

ئەو پەرتوکەی ئێستا لەبەر دەستماندایە پەرتوکی شەشەمە لە زنجیرەی **(رسائل التوحيد الخالص)** کە الله تعالى بۆی ئاسان کردین ئامادەی بکەین وچاپی بکەیەن وبڵاوی بکەینەوە.

ئەم پەرتوکە سێ پەیامی گرنگ لەخۆی دەگرێت ئەوانیش:

١. سێ بنچینەکە.
٢. شەش بنچینەکە.
٣. چوار بنەماکە.

هەمووشی نوسراوە لەلایەن شێخ محمد کوری عبدالوهاب[1]،

ئەوەش چەند پەیامێکی بەسودە وپێویست

١ پێشەوای نوێکەرەوە محمد کوڕی عبدالوهاب کوڕی سولەیمان کوڕی عەلی تەمیمی نجدیە لە ساڵی ١١١٥ کـ لە شارۆچکەی عویەینیە لەدایك بووە کە ئێستا دەکەوێتە باکوری ڕیاز، وە لەساڵی ١٢٠٦ کـ کۆچی دوای کردوە (الله ڕەحمی پێبکات وبیخاتە بەهەشتی پان وبەرینەوە).

بەباسکردنی وڕونکردنەوەی ناکات، گرنگترین بنچینەکانی تەوحید وئیمانی لەخۆگرتوە، لەبەر ئەوە قوتابیان سوربوون لسەر لەبەرکردنی، زاناکان تێکۆشاون بۆ خوێندەوە ودیراسەکردنی، وە ڕاڤەکاران کەوتونەتە مەلەکردن لە قوڵایی وناوەڕۆکی واتاکانی، وە بڵاوکرایەوە وچاپکرا لەچەند چاپێك، وە الله تعالی بەهۆیەوە گەلانێکی پاراست لە شیرك وگومڕایی، جا سودەکەی گشتگیربوو وە تیشکەکەی ڕوناکیەکەی پەرش وبۆنەکەی بڵاوبویەوە، الله ڕەحم بکات بە دانەرەکەی وبەچاکترین پاداشت پاداشتی بداتەوە.


وە ئێمە ئامۆژگاری دەکەین بە خوێندنەوەی ئەم پەیامە بەسود وچاکە؛ داوا دەکەین لەخوێنەر کەلەبەری بکات ولە دەستەواژەکانی وردبێتەوە، وکار بەحوکمەکانی بکات، وخەڵکی بانگ بکات بۆی، هەروەك دەڵێین کە بەشداربن لە چاپکردن وبڵاوکردنەوەی ئەم پەیامە وپەیامەکانی تر لەناو موسڵمانان، تا ببن بەوانەی کە زانیان

وکاریان پێکرد وخەڵکیان فێرکرد، جا بەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت.


وآخر دعوانا أنِ الحمدُ للهِ ربِّ العالمين، وصلِّ اللهمَّ وسلِّمْ على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.



الدولة الإسلامية
جمادى الأولى ١٤٣٧ هـ



سێ بنچینەکە



شێخ محمَّد کوڕی عبدِ الوهَّاب ﵀ دەڵێت:

بزانە -الله ڕەحمت پێبکات- پێویستە لەسەرمان کە چوار بابەت فێرببین وبیزانین:

یەکەم: زانست، کەبرتیە لە ناسینی الله، وناسینی پێغەمبەرەکەی، وناسینی ئیسلام بە بەڵگەوە.

دووەم: کارکردن بەم زانستە.

سێیەم: بانگەوازکردن بۆ ئەم زانستە.

چوارەم: ئارامگرتن لەسەر ئەم ئازارانەی دێتە ڕێگات.

بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالی: {وَالْعَصْرِ * إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ * إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ}.

شافیعی ﵀ دەڵێت: «ئەگەر الله هیچ بەڵگە ونیشانەیەکی نەناردبا بۆ مرۆڤایەتی جگە لەم سورەتە، ئەوە بەسیان بوو».

وە بوخاری ﷬ بابێکی داناوە بەناوی: (زانست وزانین پێش گوتەو کردار)، وە بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالی: {فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ}. واتا: (جا بزانە بێجگە لە الله هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە وە داوای لێخۆشبوون بکە لە پەروەردگار بۆ تاوانی خۆت).

جا لە ئایەتەکەدا زانست وزانینی پێش گوتە وکردار خستوە.

بزانە -الله ڕەحمت پێبکات- پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێکی پیاو وئافرەت کە ئەم سێ بابەتە بزانێت وکاریان پێبکات:

یەکەم: بەڕاستی الله ئێمەی بەدیهێناوە وڕۆزی پێداوین، وئێمەی فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو پێغەمبەرێکی بۆناردووین، ئەوەی گوێڕایەڵی بکات دەچێتە بەهەشتەوە، وە ئەوەش سەرپێچی بکات دەچێتە دۆزەخەوە

وە بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالى: {إِنَّا أَرْسَلْنَا إِلَيْكُمْ رَسُولًا شَاهِدًا عَلَيْكُمْ كَمَا أَرْسَلْنَا إِلَى فِرْعَوْنَ رَسُولًا * فَعَصَى فِرْعَوْنُ الرَّسُولَ فَأَخَذْنَاهُ أَخْذًا وَبِيلًا}.

دووەم: الله ڕازی نابێت لە عیبادەتکردن وپەرستنی داهیچ کەسێك نەفریشتەی نزیك وە نە پێغەمبەران بکرێنە هاوبەشی.

بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالى: {وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللهِ أَحَداً}.

سێیەم: هەرکەسێك گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکات والله بەتەنها بپەرستێت بۆی دروست نیە کە دۆستایەتی ئەوە بکات کە دوژمنایەتی الله وپێغەمبەرەکەی دەکەن، جا هەرچەندە ئەو کەسە لەنزیکترین کەس بێت.

بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالى: {لَا تَجِدُ قَوْماً يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءهُمْ أَوْ أَبْنَاءهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُوْلَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم

بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُوْلَئِكَ حِزْبُ اللهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ}.

بزانە -الله ڕێنمونیت بکات بۆ گوێڕایەڵی خۆی- کە ڕێگای ڕاستی ئاینی میلەتی ئیبڕاهیم ئەوەیە کە الله بپەرستی بە موخلیصی ونیازپاکی، هەر بۆئەمەشە کە الله فەرمانی بەهەموو خەڵکی کردوە، وەبەدیهێناون بۆ ئەوە، هەروەك الله تعالی دەفەرموێت: {وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ}، وە مانای یعبدون: واتا بەتەنها بیپەرستن.

وە گەورەترین شت کە الله فەرمانی پێکردوە تەوحیدە: کە بریتیە لە پەرستنی الله بەتەنها وهاوبەش بڕیار نەدان بۆی، وە گەورەترین شت کە قەدەغەی کردوە: بریتیە لە هاوبەشدانان لە هاوارکردن ودوعا وپاڕانەوە.

بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالى: {وَاعْبُدُواْ اللّهَ وَلاَ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئاً}.

ئەگەر پێتگوترا: ئەو سێ بنچینانە چین کە پێویستە مرۆڤ بیانزانێت؟

بڵێ: دەبێت بەندە پەروەردگار وئاین وپێغەمبەرەکەی ﷺ بناسێت.

بنچینەی یەکەم: بەندە پەروەردگاری بناسێت.

ئەگەر پێت گوترا: کێ پەروەردگارتە؟

بڵێ: پەروەردگاری من (الله)یە کەمن وهەموو جیهانی پێگەیاندوە بەنیعمەتی خۆی، وە هەر ئەوپەرستراومە وپەرستراوی ترم نیە.

بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالى: {الْحَمْدُ للّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ}، وە جگە لە الله هەموو شتێك لەم جیهانە بەدیهێنراوە منیش یەکێکم لەو جیهانە.

ئەگەر پێت گوترا: بەچی پەروەردگارت ناسی؟

بڵێ: بە نیشانە وبەڵگەکان وبەدیهێنراوەکانی،

وە لەئایەت ونیشانەکانی شەو وڕۆژ وخۆر ومانگە وە لەدروستکراوەکانی حەوت ئاسمانەکان وحەوت چینی زەویە وە ئەوەشی کە لەنێوانیان دا هەیە.

بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالى: {وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لَا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ}.

وە فەرمایشتی الله تعالى: {إِنَّ رَبَّكُمُ اللهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثاً وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ}.

(الرَبُّ)پەروەردگار: پەرستراوە.

وە بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالى: {يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ * الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ فِرَاشًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَأَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ

بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَكُمْ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَنْدَادًا وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ}.

ئیبن کەثیر ﷀ دەڵێت: «هەر بەدیهێنەری ئەم شتانە شایستەی پەرستن وبەندایەتی بۆکردنە».

وە جۆرەکانی عیبادەت کە الله فەرمانی پێکردووە وەك ئیسلام وئیمان وئیحسان وەلەوانەش دوعا وترس وهیوا وپشت بەستن وبەندایەتی الله لەبەترس وهیواوە، وەخشوع وترسان لە الله، وە پەشیمان بوونەوە لەتاوان وداوای یارمەتیکردن وپەناگرتن وهانابردن وسەربڕین ونەذر وجۆری تر لەجۆرەکانی عیبادەت کە الله فەرمانی پێکردووە، هەمووی بۆ الله تعالی_یە.

وە بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالی: {وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللهِ أَحَداً}.

جا هەر کەسێك یەکێك لەمانەی باسکران بۆ جگە لە الله ئەنجامبدات ئەوە موشریك وکافرە.

وە بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالى: {وَمَن يَدْعُ مَعَ اللهِ إِلَهاً آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِندَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ}، وە فەرمودەی: «الدُّعاءُ مخُّ العبادة» واتا: دوعا کرۆکی (پەرستش) عیبادەتە.

وە بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالى: {وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ}.

وە بەڵگەش بۆ ترس فەرمایشتی الله تعالى: {فَلاَ تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ}.
وە بەڵگەش بۆ هیوا فەرمایشتی الله تعالى: {فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صَالِحاً وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَداً}.

وە بەڵگەش بۆ پشت بەستن فەرمایشتی الله تعالى: {وَعَلَى اللهِ فَتَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ}، وە

فەرمایشتی اللە تعالى: {وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ فَهُوَ حَسْبُهُ}.

وە بەڵگەی عیبادەتکردن بەهیوا وملکەچی وترسەوە بۆ اللە فەرمایشتی اللە تعالى: {إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَباً وَرَهَباً وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ}.

وە بەڵگەی ترس فەرمایشتی اللە تعالى: {فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ}.

وە بەڵگەی گەڕانەوە فەرمایشتی اللە تعالى: {وَأَنِيبُوا إِلَى رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ}.

وە بەڵگەی داوای یارمەتیکردن فەرمایشتی اللە تعالى: {إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ}، وە لە فەرمودەی: «إذا استعنتَ فاستعنْ باللە»، واتا: ئەگەر داوای یارمەتیت کرد تەنها لە اللە داوا بکە.

وە بەڵگەی پەناگرتن فەرمایشتی الله تعالی: {قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ}، وە فەرمایشتی الله تعالی: {قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ}.

وە بەڵگەی هانابردن فەرمایشتی الله تعالی: {إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُرْدِفِينَ}.

وە بەڵگەی سەربڕین فەرمایشتی الله تعالی: {قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * لَا شَرِيكَ لَهُ...} تا کۆتایی ئایەت، وە لەسونەتدا هاتووە: «لَعَنَ اللهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللهِ»، واتا: نەفرینی الله لەسەر ئەو کەسە کە بۆ غەیری الله ئاژەڵ سەردەبڕێت.

وە بەڵگەی نەذر (لەخۆگرتن) فەرمایشتی الله تعالی: {يُوفُونَ بِالنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْماً كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيراً}.

بنچینەی دووەم: <u>ناسینی ئاینی ئیسلام بەبەڵگەوە.</u>

ئەویش: بریتیە لە نواندنی ملکەچی بۆ اللە بەتەوحید، پەیوەستبوون پێیەوە بەگوێڕایەڵی کردن، وخۆ بەریکردن لە شریك وئەهلەکەی.

ئەوەش سێ پلەی هەیە: (ئیسلام وئیمان وئیحسان)، هەر پلەیەك لەمانە چەند پایەیێکی هەیە.

<u>پلەی یەکەم: ئیسلام.</u>

جا پایەکانی ئیسلام پێنجن: شایەتی دان بە(لا إله إلا الله وأنَّ محمداً رسولُ الله)، نوێژکردن، وزەکات دان، وڕۆژوو گرتن، وحەجکردنی ماڵی اللە.

بەڵگەی شایەتمان: {شَهِدَ اللّهُ أَنَّهُ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ وَالْمَلاَئِكَةُ وَأُوْلُواْ الْعِلْمِ قَآئِمَاً بِالْقِسْطِ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ}.

وەماناکەی: هیچ پەرستراوێکی بەحەق نیە جگە لە اللە.

(لا إِلَـهَ) هەموو ئەوانەی کە جگەلە الله دەپەرسترێن بەدرۆی دەخاتەوە.

(إِلَّا الله) جێگیرکردنی عیبادەتی تەنها بۆ الله وشەریك بڕیارنەدان بۆی، هەروەك هاوبەشی نیە لە موڵك ودەسەڵات.

وە ڕاڤەکەی الله تعالی لێرەدا ڕونی دەکاتەوە ودەفەرموێت: {وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ إِنَّنِي بَرَاءٌ مِمَّا تَعْبُدُونَ * إِلَّا الَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُ سَيَهْدِينِ * وَجَعَلَهَا كَلِمَةً بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ}، واتا: (ئەو کاتە بیهێنەوە یاد کە ئیبراهیم بە باوکی و هۆزەکەی خۆی گوت: بەڕاستی من دووره پەرێزم وبەریم لەو شتانەی کە ئێوە دەیپەرستن * جگە لەو زاتەی کە دروستی کردووم، هەر ئەویش ڕێنموویم دەکات و دەمخاتە سەر ڕێگەی ڕاست و دروست * ئەوسا ئیتر ئەو بەرنامەی تەوحیدەی هێشتەوە بۆ هۆز وگەلانی دوای خۆی، بۆ ئەوەی

ئەوانیش بگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو بیروباوەڕە ڕاستە).

وە فەرمایشتی: {قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ}. واتا:(ئەی محمد ﷺ بڵێ: ئەی ئەوانەی کتێبتان بۆ ڕەوانەکراوە وەرن بەدەم بانگەواز وبەرنامەیەکەوە کە هاوبەش وهاوسەنگە لە نێوان ئێمەش و ئێوەشدا (ئەویش ئەمەیە): جگە لە (اللە) کەسی تر نەپەرستین، هیچ جۆرە هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەین، هیچ لایەکمان لاکەی ترمان (بەپیرۆز وفەرمانڕەوا دانەنێین) لەجیاتی ئەو زاتە ونەیپەرستین (خۆ ئەگەر لەم بانگەوازدا) سەرپێچیان کردو گوێیان پێنەدا، ئەوە پێیان بڵێ: کە ئێوە بەشایەت بن کە ئێمە موسڵمانین وملکەچی فەرمانی پەروەردگارین) وە بەڵگەی

شایەتومانی (محمداً رسولُ الله) فەرمایشتی الله تعالى: {لَقَدْ جَاءكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ}.

وە مانای شایەتومانی (محمداً رسولُ الله): گوێڕایەڵی کردنە بۆئەوەی کە فەرمانی پێی کردووە، وەبەڕاست دانانی ئەوەی کە ئەو هەواڵی پێداوە بەڕاستی بزانیت، دورکەویەوە لەوەی کە ئەو قەدەغەی کردووە، وە الله بەم جۆرە بپەرستڕێت کە ئەو دایناوە.

وە بەڵگەی نوێژ وزەکات وڕاڤەی تەوحید، فەرمایشتی الله تعالى: {وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ}.

وە بەڵگەی ڕۆژوو فەرمایشتی الله تعالى: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ

عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ}.

وە بەڵگەی حەج فەرمایشتی اللە تعالی: {وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ}.

پلەی دووەم: ئیمان.

ئەویش حەفتاو ئەوەندە لقەیە، بەرزترینیان گوتنی (لا إله إلا الله)یە، کەمترینیان لابردنی ئازار وزیانبەخشێکە لەسەر ڕێگای خەڵکی، وە شەرمیش لقێکە لەئیمان.

پایەکانی ئیمان: باوەڕ بێنی بە اللە و فریشتەکانی وکتێبەکانی وپێغەمبەرەکانی وڕۆژی دوایی وباوەڕ بێنی بە قەدەر بەچاکە وخراپەیەوە.

وە بەڵگەی ئەم شەش پایەیە فەرمایشتی اللە تعالی: {لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ

وَالْمَغْرِبِ وَلَـكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّـهِ وَالْيَـوْمِ الآخِـرِ وَالْـمَلآئِكَةِ وَالْكِتَـابِ وَالنَّبِيِّينَ}.

وە بەڵگەی قەدەریش فەرمایشتی الله تعالى: {إِنَّـا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ}. واتـا: (ئێمـە هەمـوو شـتێکمان دروسـتکردوە بەقـەدەر).

پلەی سێهەم: الإحسان.

یەك پایەیە، ئەویش: ئەوەیە کە الله بپەرستی وەك ئـەوەی کـە ئـەو ببینی ئەگـەر تۆیـش نەیبینی؛ ئـەوا بەڕاسـتی ئـەو تـۆ دەبینێـت.

بەڵگـەش فـەرمایشـتی اللـە تعالی: {إِنَّ اللَّـهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَواْ وَّالَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ}، وە فـەرمایشـتی: {وَتَوَكَّلْ عَلَى الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ * الَّذِي يَرَاكَ حِينَ تَقُومُ * وَتَقَلُّبَكَ فِي السَّـاجِدِينَ * إِنَّهُ هُوَ السَّـمِيعُ الْعَلِيمُ}، وە فـەرمایشـتی: {وَمَا تَكُونُ فِي شَـأْنٍ وَمَا تَتْلُـو مِنْهُ مِن قُرْآنٍ وَلاَ تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلاَّ كُنَّا عَلَيْكُمْ شُـهُوداً إِذْ تُفِيضُـونَ فِيْهِ...} تـا كۆتـایـی ئـایـەت.

وە بەڵگەش لە سونەت: فەرمودە بەناوبانگەکەی جوبرائیلە کە عومەر ﵁ دەیگێڕێتەوە دەڵێت:

ئێمە ڕۆژێك لای پێغەمبەر ﷺ دانیشتبووین، کاتێك پیاوێك هات کەجلێکی زۆر سپی لەبەردابوو وە قژی زۆر ڕەش بوو، هیچ کاریگەری گەشت وسەفەری بەسەرەوە نەبوو، وەهیچ یەکێك لەئێمە نەیدەناسی.

تا دانیشت لای پێغەمبەر ﷺ چۆکی بەچۆکی ئەو وەنا، وە ناو لەپی خستە سەر ڕانەکانی وگوتی: ئەی موحەمەد هەواڵم پێبدە لەسەر ئیسلام؟

پێغەمبەر ﷺ فەرموی: «ئیسلام: ئەوەیە شایەدی بدەی بە (لا إلهَ إلا الله وأنَّ مُحمَّداً رسولُ الله)، نوێژ بکەی، وزەکات بدەیت، وڕۆژووی ڕەمەزان بگریت، حەجی ماڵی الله بکەی ئەگەر توانات هەبوو».

گوتی: ڕاستتکرد.

ئێمەش سەیرمان پێهات پرسیاری لێ دەکات ودەڵێت ڕاستتکرد!

گوتی: هەواڵم پێبدە دەربارەی ئیمان؟

فەرموی: «باوەڕ بێنی بە الله وفریشتەکانی وکیتابەکانی وپێغەمبەرەکانی ورۆژی دوایی، وەباوەڕپێنی بەقەدەر بەچاکە وخراپەیەوە».

گوتی: ڕاستتکرد.

گوتی: دەسا هەواڵم پێبدە لەسەر (الإحسان)؟

فەرموی: «ئەوەیە کە الله بپەرستی وەك ئەوەی کە ئەو ببینی ئەگەر تۆیش نەیبینی؛ ئەوا بەڕاستی ئەو تۆ دەبینێت».

گوتی: کەواتە هەواڵی ڕۆژی دوایم پێبدە؟

گوتی: «پرسیار لێکراو لەم بارەیەوە زاناتر نیە لە پرسیارکەر».

گوتی: هەواڵم پێبدە دەربارەی نیشانەکانی؟

فەرموی: «ئەوەی کەمنداڵ بەچاوی خزمەتکار سەیری دایك وباوکی بکات، وەپێخاوس وڕوت وڕەجاڵ وشوانی مەڕ ومالاّت خانوو وکۆشك وتەلار بەرزبکەنەوە».

عومەر گوتی: پاشان پیاوەکە ڕۆیشت، منیش ماوەیەك مامەوە ﷺ فەرموی: «ئایا دەزانی پرسیارکەر کێبوو؟».

گوتم: الله وڕەسولەکەی دەزانن وزاناترن!

فەرموی: «ئەوە جوبڕائیل بوو هاتبوو کارو باری ئاینەکەتان فێربکات».

بنچینەی سێیەم: ناسینی پێغەمبەرەکەتان محمد ﷺ.

ئەویش موحەمەدی کوڕی عبد الله کوڕی عبدالمطلب کوڕی هاشم، وە هاشمیش لە قورەیشە، وە قورەیشیش لەعەرەبە، وە عەرەبیش لەوەچەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم خەلیلە (سەڵات وسەلام لەو لەپێغەمبەرمان بێت).

تەمەنی شەست وسێ ساڵ بووە، چڵ ساڵی پێش پێغەمبەرایەتی بوە، وە بیست وسێ ساڵیش پێغەمبەر ونێرداوی الله بووە.

بۆتە پێغەمبەر بە ئایەتی(إقرأ)، بە ئایەتی(الـمُدَّثِّر) بۆتە نێردراو.

لەمەککە لەدایك بوە، هیجرەتی کردوە بۆ شاری مەدینە.

الله ناردویەتی وەك ئاگادارکەرەوەیەك لەشیرك، وبانگەوازکردن بۆ تەوحید.

وە بەڵگەش فەرمایشتی اللە تعالى: {يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ * قُمْ فَأَنْذِرْ * وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ * وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ * وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ * وَلَا تَمْنُنْ تَسْتَكْثِرُ * وَلِرَبِّكَ فَاصْبِرْ}.

وە مانای (قُمْ فَأَنْذِرْ): خەڵك ئاگادار دەكاتەوە لەشیرك وبانگی خەڵكی دەكات بۆ تەوحید، (وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ) واتا: اللە بەگەورە دابنێ بەهۆی تەوحید، (وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ) واتا: كردەوەكانت لەشیرك پاكبكەوە، (وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ)، واتا: واز لەخۆیان وبتەكانیان بێنەو خۆتیان لێبەری بكە.

دە ساڵ بانگەوازی بۆ تەوحید كرد، دوای دەساڵ بەرزكرایەوە و شەوڕەوی پێكرا، وپێنج نوێژی لەسەر واجبكرا، لە مەككە ماوەی سێ ساڵ نوێژی كرد، دوای ئەوە فەرمانی پێكرا كۆچ بكات بۆ شاری مەدینە.

هیجرەتكردن: بریتیە گواستنەوە لە خاكی شیرك بۆ خاكی ئیسلام، وەهیجرەت واجبە لەسەر

موسڵمان لەخاکی شیرکەوە بۆ خاکی ئیسلام، وە ئەوەش دەمێنێتەوە تا ڕۆژی دوایی.

بەڵگە بۆ ئەمەفەرمایشتی الله تعالى: {إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنْتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُولَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيرًا * إِلَّا الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا * فَأُولَئِكَ عَسَى اللهُ أَنْ يَعْفُوَ عَنْهُمْ وَكَانَ اللهُ عَفُوًّا غَفُورًا}.

وە فەرمایشتی: {يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ أَرْضِي وَاسِعَةٌ فَإِيَّايَ فَاعْبُدُونِ}، بەغەوی رَحِمَهُ الله دەڵێت: «هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە: لەسەر ئەو موسڵمانانە بوو کە لەمەککە بوون وهیجرەتیان نەکردبوو، جا الله بەناوی باوەڕدار بانگی کردن».

وە بەڵگەش لەسەر هیجرەت لە سونەتدا ئەوەیە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: «کۆچکردن تەواو نابێت تاوەکو توبە تەواو نەبێت، وە تەوبەش

کۆتایی نایەت تا خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵنەیەت».

جا کاتێك لەمەدینە جێگیر بوو فەرمانی بەشەڕائیعەکانی تری ئیسلام کرد، وەك زەکات وڕۆژوو وحەج وجیهاد وبانگ، وفەرمانکردن بەچاکە وڕێگریکردن لە خراپە، و جگە لەمانەش لە شەڕائیعەکانی ئیسلام.

کە ئەمە دەساڵی خایاند، دوای ئەوە پێغەمبەر ﷺ کۆچی دوایی کرد، وە ئاینەکەی ماوەتەوە وە ئەوە ئاینەکەیەتی ، هیچ خەیرێك نیە ئیلا پیشانی ئومەتی داوە، وە هیچ شەڕێك نیە ئیلا هۆشداری داوە لێی.

وە ئەو چاکەیەی کەپیشانی داوە: تەوحید وهەموو ئەو شتانەیە کە اللە پێی خۆشەو ڕازیە پێی، وە ئەو خراپەیەش کە هۆشداری داوە لەسەری: شیرك وهەموو ئەوشتانەیە کە اللە پێی ناخۆشە وڕازی نیە پێی.

الله ناردویەتی بۆ هەموو خەڵك، گوێڕایەڵیکردنی ئادەمیزاد وجنۆکەی واجبکردوە بۆی.

بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالی: {قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعاً}.

وە الله ئاینی بەو تەواو کردوە.

وەبەڵگەش فەرمایشتی الله تعالی: {الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِيناً}.

وە بەڵگەش لەسەر مردنی ﷺ فەرمایشتی الله تعالی: {إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُمْ مَيِّتُونَ * ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِنْدَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ}.

وە خەڵك ئەگەر مردن زیندوو دەکرێنەوە.

وەبەڵگەش فەرمایشتی الله تعالی: {مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَى}، وە فەرمایشتی الله تعالی: {وَاللَّهُ أَنْبَتَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ

نَـبَاتًا * ثُمَّ يُعِيدُكُمْ فِيهَا وَيُخْرِجُكُمْ إِخْرَاجًـا}.

وە دوای زیندووبونەوەش لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، پاداشتی کردارەکانیان دەدرێتەوە.

وەبەڵگەش فەرمایشتی الله تعالی: {وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ لِيَجْزِيَ الَّذِينَ أَسَاؤُوا بِمَا عَمِلُوا وَيَجْزِيَ الَّذِينَ أَحْسَنُوا بِالْحُسْنَى}.

ئەوەش زیندووبونەوە بەدرۆ بخاتەوە کافرە.

وەبەڵگەش فەرمایشتی الله تعالی: {زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَن لَّن يُبْعَثُوا قُلْ بَلَى وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ وَذَلِكَ عَلَى اللهِ يَسِيرٌ}.

وە الله هەموو پێغەمبەرانی ناردوە بە مزگێنی دەرو وترسێنەر.

وەبەڵگەش فەرمایشتی الله تعالی: {رُّسُلاً مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللهُ عَزِيزاً حَكِيماً}.

یەکەمیان نوحە عليه السلام وەکوتاییان موحەممەدە صلى الله عليه وسلم.

وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە سەرەتاکەیان نوحە عليه السلام فەرمایشتی الله تعالى: {إِنَّا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ كَمَا أَوْحَيْنَا إِلَى نُوحٍ وَالنَّبِيِّينَ مِن بَعْدِهِ}.

وە هەموو ئومەتێك الله پێغەمبەری بۆ ناردوە لە نوحەوە تا موحەممەد، فەرمانیان پێدەکات بەپەرستی الله تعالى بەتەنهایی، وە ڕێگریان لێدەکات لە بەندایەتی بۆ تاغوت.

وەبەڵگەش فەرمایشتی الله تعالى: {وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ}.

وە الله کوفرکردن بەتاغوت وباوەڕهێنان بە (الله)ی واجبکردوە.

ئیبن قەیم رحمه الله دەڵێت: «تاغوت: ئەوەیە کە بەندە سنوری خۆی ببەزێنێت لە پەرستراو یان شوێنکەوتن یان گوێڕایەڵی بەرفەرمانکردن».

و تاغوتەکان زۆرن، وە سەرەکیەکانیان پێنجن:

١. (ئیبلیس) شەیتان (نەفرەتی (الله

لە سەری ٧٦).

٢. کەسێك بپەرسترێت وڕازی بێت.

٣. کەسێك خەڵك بانگ بکات بۆ پەرستنی خۆی.

٤. کەسێك بڵێت شتی نادیار (غیب) دەزانم.

٥. کەسێکی حوکم بەغەیری قورئان بکات.


وەبەڵگەش فەرمایشتی الله تعالی: {لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ لاَ انفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ}، وە ئەمەش مانای (لا إلە إلا الله)یە.

وە لەفەرمودەدا هاتووە: «سەری ئەم ئاینە ئیسلامە، وکۆڵەگەکەی نوێژە، وە چڵەپۆپەی جیهاد وتێکۆشانە لە پێناو الله».


والله أعلم.

وصلَّى اللهُ على محمدٍ وآلِه وصحبِه وسلَّم.

* * *



شەش بنچینەکە



شێخ موحەممەدی کوڕی عبدالوهاب رحمه الله:

لەسەیرترینی سەیر وسەمەرەکان، وە لە گەورەترین بەڵگە ونیشانەکان لەسەر توانای پاداشای زاڵ وبەدەسەڵات شەش بنچینەیە کەوا الله تعالی زۆر بە ئاشکرا ڕونی کردۆتەوە بۆ هەموو خەڵکی لەسەروی گومانی گومانکاران، سەرەڕای ئەوەش زۆرێك لە زیرەك و بیرمەندەکانی جیهانی ئادەمیزاد تیایدا کەوتونەتە هەڵەوە تیایدا تەنها کەسانێکی کەم نەبێت!

بنچینەی یەکەم: پەرستنی الله تعالی بەتەنها وبەدلسۆزی وە بەبێ هاوەڵ بۆدانان، وە ڕونکردنەوەی دژەکەی کە بریتیە لە هاوەڵ دانان بۆ الله، وە زیاترینی قورئان لەسەر ڕونکردنەوەی ئەم بنەمایە جەختی کردۆتەوە بەجۆرەها شێوە، کەوا کاڵفامترینی خەڵکی تێیدەگات!

پاشان دوای ئەوەی زۆربەی ئومەت چی بەسەرهات لەوەی بەسەریهات لەوەی شەیطان ئیخلاص و دڵسۆزی لە بەکەم دانانی پیاوچاکان و کەمتەرخەمی لەمافەکانیان پیشان دا، وە هاوەڵ دانان بۆ (اللە)ش لە خۆشەویستنی پیاوچاکان وشوێنکەوتنیان دەرخست بۆیان!

بنچینەی دووەم: اللە فەرمانی کردوە بەکۆبونەوە لەسەر ئاین وە قەدەغەی کردوە پەرتەوازە بون تیایدا، اللە ئەمەی بەجۆرێکی وا ڕوونکردۆتەوە کەوا خەڵکی سادە تێی دەگات، وە لێی قەدەغە کردوین وەك ئەوانەی پێش خۆمان بین کەپەرتەوازە و ناکۆك بون پاشان تیاچوون، وە فەرمویەتی کەوا فەرمانی کردوە بەموسڵمانان لەسەر ئاین کۆببنەوە و لێی قەدەغە کردون تەفرەقە بکەن تیایدا، وە سوننەتیش ئەمە زیاتر ڕوندەکاتەوە وە ئەوەی هێناویەتی لەبارەیەوە لە سەیرترینی سەیر وسەمەرەکانە.

پاشـان کارگەیشـتە ئەوەی تەفەرەقـە کـردن لەبنەماکانی ئاین بێت وە عیلم و تێگەیشتن لەئاین ببێتـە لقەکانی، وە کۆبونـەوە لەسـەر ئاین بەوتـەی زەندیق و شێت لەقەڵـەم بدرێ!

بنچینەی سێیەم: بەڕاستی لەتەواوێتی کۆبونـەوەی موسڵمانان بریتیە لەگوێبیسـتی وگوێرایەڵی بۆ هـەر کەسێك کە بـووە پێشـەوا وئەمیر لەسـەرمان، تەنانـەت ئەگـەر بەندەیەکی حەبەشیش بێت، الله ئەمەی بەشێوەیەکی بەربڵاو و تەواو وە بەجۆرەها شێوەی ڕونکردنەوەی شـەرعی و (قـەدەری) ڕون کردۆتـەوە.

پاشـان ئـەم بنچینەیە وای لێ هاتـوە لای زۆربەی ئەوانـەی بانگەشـەی عیلم وزانسـت دەکـەن نەزانـرێ چ جـای کـردەوە پێ کردنی!

بنچینەی چوارەم: ڕونکردنەوەی زانست و زانایان وە شەرع وشەرعناسان، وەڕونکردنەوەی ئەوانەی خۆیان دەچوێنن پێیان وە لەوانیش نین، الله ئەم بنەمایەی لە سەرەتای سوڕەتی (بەقەڕە) ڕون کردۆتەوە فەرمویەتی: (يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَوْفُواْ بِعَهْدِي أُوفِ بِعَهْدِكُمْ) [ئایەتی: ٤٠] تا ئەفەرموێ: (يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ) [ئایەتی: ٤٧].

ئەوەی زیاتر ڕونی دەکاتەوە ئەو دەقە زۆرانەیە کە لەسونەت دا هاتوە زۆر بەڕاشکاوی کە ڕوونە بۆ کەسێکی سادە وکاڵفام.

پاشان ئەمە وای لێ هاتووە بوەتە نامۆترینی شتەکان! وە زانست وفیقە بۆتە بیدعە و گومڕاییەکان!

ئەوەی باشترینە لەناو ئەواندا وبەلای ئەوانەوە، ئەوە حەقی بەباتڵ داپۆشیوە.

ئەو زانستەی کە اللە پێویستی کردوە لەسەر دروستکراوەکان وستایشی کردوە وای لێهاتووە کە هەرکەسێك بیلێت بەزەندیق وشێت ناودەبرێت، وە ئەو کەسەشی ئینکاری و دژایەتی کردبێت وە کیتاب و نوسراوی لەهۆشیارکردنەوە و نەهی لێ کردنی دانابێت ئەوە زانا وتێگەیشتوە!

بنچینەی پێنجەم: ڕونکردنەوەی اللە تعالی لەبارەی ئەو کەسانەی دۆستی ئەون وجیاوازی کردن لەنێوان ئەمان و ئەوانەی خۆیان دەچوێنن پێیان لەدوژمنانی اللە وە مونافیق وخراپەکاران.

وە لەم بابەتەدا ئەم ئایەتەی سوڕەی (آل عمران) بەسە ئەویش فەرمایشتی: {قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللهُ} تا کۆتایی ئایات، وە ئایەتێك لە سوڕەتی (مائیدە) ئەویش فەرمایشتی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ}

وە ئایەتێکی سورەتی (یونس) ئەویش فەرمایشتی: {أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللهِ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ}.

پاشان کار وای لێ هاتووە لای زۆربەی ئەوانەی بانگەشەی زانست دەکەن و کە ڕێنمایی کارانی خەڵك و پارێزەرانی شەریعەتن، وە وای لێهاتووە کە دۆست وئەولیاکانی پەروەردگار ئەوانەن کە وازیان لە شوێنکەوتنی پێغەمبەران هێناوە، وە هەر کەسێکیش شوێنکەوتەیان بێت لەوان نییە!

وە پێویستە وازهێندرێت لە جیهاد، ئەوەی جیهاد بکات لەدۆستانی الله نین!

وە پێویستە وازهێندرێت لە باوەڕ وتەقوا، ئەوەی پەیوەست بوو بە باوەڕ وتەقواوە، لەدۆستانی الله نین!

ئەی پەروەردگارا داوای لێخۆشبوون وپاراستنت لێدەکەین، تۆ بیسەری نزاکانی.

بنچینەی شەشەم: ڕەتکردنەوەی ئەوشوبهەیەی کە شەیتان دایناوە بۆ وازهێنان لەقورئان و سونەت و شوێنکەوتنی بیروبۆچون و هەواو ئارەزوە جیاوازەکان.

ئەویش: بەو بیانوەی کە قورئان وسونەت نایزانن تەنها کەسانی موجتەهیدی ڕەها نەبێت! موجتەهیدیش وەسف کراوە بەئاوا وئاوا، کۆمەڵە وەسفێك کە دەگونجێ لە ئەبوبەکر وعومەریش بوونیان نەبێت، بۆیە کە ئینسان بەوشێوەیە نەبوو، ئەوا پێوستە لەسەری پشتی تێبکات بەبێ گومان و دوو دڵی، وە ئەوەی هیدایەت لەقورئان وسونەت وەربگرێ ئەوە یان زەندیقە یان شێتە بەهۆی دژواری تێگەیشتنیان!

پاك و بێگەردی و سوپاس بۆ الله کەچەند ئاشکرا و ڕونی کردۆتەوە لەشەرع و لەقەدەر وە لە دروست کردن وفەرمانی دا لە ڕەتکردنەوەی


ئەم شوبهە نەفرین لێ کراوە بەچەندین ڕوو کە گەیشتوە بەسنوری پێویستیە گشتیەکان بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن{لَقَدْ حَقَّ الْقَوْلُ عَلَى أَكْثَرِهِمْ فَهُمْ لا يُؤْمِنُونَ * إِنَّا جَعَلْنَا فِي أَعْنَاقِهِمْ أَغْلالاً فَهِيَ إِلَى الأَذْقَانِ فَهُمْ مُقْمَحُونَ * وَجَعَلْنَا مِنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدّاً وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدّاً فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لا يُبْصِرُونَ * وَسَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنْذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنْذِرْهُمْ لا يُؤْمِنُونَ * إِنَّمَا تُنْذِرُ مَنِ اتَّبَعَ الذِّكْرَ وَخَشِيَ الرَّحْمَنَ بِالْغَيْبِ فَبَشِّرْهُ بِمَغْفِرَةٍ وَأَجْرٍ كَرِيمٍ}. واتا: (سوێند بە اللە بە ڕاستی بڕیاری اللە هاتەدی لەسەر زۆربەیان کە دۆزەخ پڕدەکەین لێیان، لەبەر ئەوە باوەڕ ناهێنن (بەهۆی سەرسەختی وگوێ نەگرتنیانەوە) * بەڕاستی هەر دەڵێیت ئێمە کۆت وزنجیرمان کردۆتە گەردنیان و لەژێر چەناگەیان توندکراوە وبە ناچاری سەریان بەرز ڕاگیراوە و ئەم لاو ئەولایان پێناکرێت وبەرپێی خۆیان نابینن * هەروەها بەربەستمان لە بەردەمیانەوە و لە پشتیانەوە داناوە، پەردەشمان هێناوە بەسەر چاویاندا (مەبەست ئەو بەربەستانەشە کە لە دەروونیاندا هەیە و نایەڵێت ڕێگەی ڕاست بدۆزنەوە) ئیتر ئەوانە حەق و ڕاستی نابینن

* ئەوانە چونیەکە بۆیان، بێداریان بکەیتەوە یان بێداریان نەکەیتەوە، هەر باوەڕناهێنن * بێگومان تۆ تەنها دەتوانیت ئەوانە بێدار بکەیتەوە کە شوێنی قورئان وبەرنامەی الله کەوتوون، لە پەنهانیشدا لە الله دەترسن، بەو هۆیەوە مژدەی لێخۆشبوون وپاداشتی بایەخدار وبەنرخ بدە بەو جۆرە کەسانە).


لە کۆتایی، والحمدُ للهِ ربِّ العالمين.

وە درود وسەلام لەسەر سەردارمان موحەممەد وئالەکەی وهاوەڵانی تا ڕۆژی دوایی.

* * *



چوار بنەماکە



شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب ﵀ دەڵێت:

داواکارم لە پەروەردگاری کەریم خاوەنی عەڕشی گەورە کە لەدونیا ودوارۆژ پشتگیریت بکات، وە بتکات بەکەسێکی موبارەك بۆ هەر کوێیەك بویت، وەلەم کەسانەت بگێڕێت کە ئەگەر پێیاندرا سوپاسگوزاری بکەن، وە ئەگەر تاقیکرایەوە ئارامبگرێت، وە ئەگەر تاوانی کرد داوای لێخۆشبوون بکات، جا بەڕاستی ئەم سێ شتە ناونیشانی بەختەوەرین.

بزانە -الله ڕێنمونیت بکات بۆ گوێڕایەڵی خۆی-: کەڕێبازی پاکی ئیبڕاهیم ئەوەیە کە تەنها الله بپەرستی بە موخڵیصی لەسەر ئاینەکەی ئەو بیت، هەروەك الله تعالى دەفەرموێت: {وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ}. واتا: (من جنۆکە وئادەمیزادم تەنها بۆ ئەوە دروستکردوە کە من بپەرستن (تەوحید).

جا كەزانیت الله بۆپەرستنی خۆی تۆی بەدیهێناوە؛ جا بشزانە: كە بەندایەتی پێی ناگوترێت بەندایەتی مەگەر تەوحیدی لەگەڵ بێت، هەروەك چۆن نوێژ بێ دەستنوێژ پێی ناگوترێت نوێژ، ئەگەر شیرك چووە ناوبەندایەتی خراپی دەكات وەك ئەو یەكێك لەوانەی كە دەستنوێژی دەشكێنێت لەكاتی بوونی دەستنوێژ وپاكیەتی.

جا گەزانیت ئەگەر شیرك تێكەڵی عیبادەت بوو خراپی دەكات وكردارەكان هەڵدەوشێنێتەوە وخاوەنەكەی بە هەمیشەیی لەدۆزەخ دەهێڵێتەوە ئەوا بۆت دەردەكەوێت ودەزانی كە گرنگترین شت كەبیزانی ئەمەیە، بەڵكو الله ڕزگارت بكات لەم تۆڕە كەشیرك بڕیاردانە بۆ الله كە الله دەربارەی دەفەرموێت: {إِنَّ اللهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ}. واتا: (بەڕاستی الله خۆش نابێت لەشیرك دانان بۆی وخۆش دەبێت لەغەیری

ئەمە بۆ هەرکەسێك کە خۆی مەبەستی بێت).

ئەوەش بە زانینی چوار بنەمایە کە الله لەقورئان باسی کردوە:

بنەمای یەکەم: ئەوە بزانی کە کافران ئەوانەی کە پێغەمبەر ﷺ جەنگی کردن دانیان دەنا بەوەی کە الله بەدیهێنەر وبەڕێوەبەری گەردونە، بەوەش نەبوون بەموسڵمان و بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالی: {قُلْ مَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّنْ يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَنْ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنْ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَنْ يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ}.

بنەمای دووەم: کافران دەڵێن: بانگی ئەو بتانە ناکەین وڕوناکەینە ئەوان تەنها لەبەر ئەوە نەبێت نزیکمان بکاتەوە لە الله وتکامان بۆ بکەن، وە بەڵگەی نزیکیش فەرمایشتی الله تعالی: {وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا

لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللهِ زُلْفَى إِنَّ اللهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ}.

وە بەڵگەی تکاکردن فەرمایشتی الله تعالی: {وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللهِ}.

وە شەفاعەت وتکاکردن دوو جۆرە: تکا وشەفاعەتی نەویستراو (وەنەگیراو)، وە شەفاعەتی جێگیر وسەلمێنراو:

شەفاعەتی وەنەگیران: ئەوەیە کەداوای بکەی لەغەیری الله لە شتانێك کە جگە لە الله توانایان نیە بیکەن، وە بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لَا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا شَفَاعَةٌ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ}.

وە شەفاعەتی جێگیر: ئەوەیە کە داوا دەکرێت لە الله، وە الله بە شەفاعەت بەخشین پایەبەرز

وشکۆداره، وه ئەوکەسەش کە شەفاعەتی لێقبوڵ دەکرێت: ئەو کەسەیە کە الله دوای ئیزنی خۆی لە وتە وکرداری ڕازی دەبێت هەروەك فەرمایشتی الله تعالى: {مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ}.

بنەمای سێیەم: پێغەمبەر ﷺ بەسەر خەڵکانێك ڕاگەیشت کە جیاواز بوون لە عیبادەتەکانیان، هەیانبوو فریشتەی دەپەرست وەهەیان بوو پێغەمبەران و پیاوچاکانی دەپەرست، وە هەیانبوو کە بەرد وداری دەپەرست، وە هەیانبوو کە خۆر ومانگی دەپەرست، وە پێغەمبەر ﷺ جیاوازی نەکرد لەنێوانیاندا و جەنگی هەموویانی کرد، وە بەڵگەش فەرمایشتی الله تعالى: {وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ}.

وە بەڵگە بۆ پەرستنی خۆر ومانگ فەرمایشتی الله تعالى: {وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لَا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ}.

وە بەڵگە بۆ پەرستنی فریشتە فەرمایشتی الله تعالى: {وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَنْ تَتَّخِذُوا الْـمَلَائِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ أَرْبَابًا}.

وە بەڵگە بۆ پەرستنی پێغەمبەران فەرمایشتی الله تعالى: {وَإِذْ قَالَ اللهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِنْ كُنتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنْتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ}.

وە بەڵگە بۆ پەرستنی پیاوچاکان فەرمایشتی الله تعالى: {أُوْلَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمْ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ...} تا کۆتایی ئایەت.

وە بەڵگە بۆ پەرستنی بەرد ودار فەرمایشتی الله تعالى: {أَفَرَأَيْتُمْ اللَّاتَ وَالْعُزَّى * وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الْأُخْرَى}.

وە فەرمودەی ئەبو واقیدی لەیثی ﵁ گوتی: لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دەرچووین بۆ حونەین وە ئێمە نوێ بووین بۆ ناسینی کوفر، موشریکەکان درەختێکیان هەبوو چەکەکەنیان پێیدا هەڵدەواسی، پێی دەگوترا: (ذات أنواط)، جا ئێمەش بەلای ئەم درەختە تێپەڕین گوتمان: ئەی پێغەمبەر ﷺ بۆچی درەختێکی ئاوا بۆ ئێمە بڕیار نادەی هەروەك چۆن ئەوان ئەو درەختەیان هەبوو پێغەمبەر ﷺ فەرموی: «سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەوەتان گوت کە بەنی ئیسرائیل گوتیان بەموسا: {اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةً قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ} واتا: (گوتیان ئەی موسا هەروەك ئەو پەرستراوانەی ئەوان تۆیش پەرستراوێکمان بۆ دابنێ، موسا فەرموی: بەڕاستی ئێوە گەلێکی نەفامن)».

بنەمای چوارەم: موشریکەکانی ڕۆژگاری ئێمە سەرسەختتر وتوندترن لەچاو موشریکانی پێشوو، لەبەر ئەوەی موشریکەکانی پێشوو لەکاتی خۆشگوزەرانی شەریکیان بڕیاردەدا بۆ الله و لەکاتی ناخۆشی دڵیان لەشیرك پاكدەكردەوە، بەڵام موشریکەکانی ئەم ڕۆژگارەی ئێمە شیرکیان بەردەوامە؛ لەکاتی ناخۆشی وناخۆشیدا.

وە بەڵگەش فەرمانی الله تعالى: {فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوْا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ}.

***

وتەی شێخ محمد کوڕی عبد الوهَّاب کۆتایی هات

(الله ڕەحمی پێبکات وپاداشتی بداتەوە)





کتێبخانەی هیممە/ چاپی یەکەم
ذو الحجة 1438 کۆچی

چاپی یەکەم
ذو الحجة 1438 ک